JOHN C. MAXWELL

#1 *New York Times* BESTSELLING AUTHOR

# LEADER SHIFT

11 ESSENTIAL CHANGES
EVERY LEADER MUST EMBRACE

## پوختەی کتێبی لیدەرشیفت

**لیدەرشیفت**
**١١ گۆڕانکاریی گرنگ کە هەموو ڕێبەرێک دەبێت بە دڵێکی کراوەوە وەری بگرێت**
نووسەر: جۆن سی. ماکسوێڵ
ژمارەی لاپەڕە: ٢٨٨

### دەربارەی نووسەر
جۆن سی. ماکسوێڵ، ڕاهێنەر، وتارخوێن و یەکێکە لە نووسەرە پرفرۆشەکانی نیویۆرک تایمز کە زیاتر لە ٣٠ ملیۆن دانە لە کتێبەکانی بە ٥٠ زمان فرۆشراوە. ئەو دامەزرێنەری کۆمپانیای جۆن ماکسوێڵ، تیمی جۆن ماکسوێڵ، کۆمپانیای ئیکویپ و دامەزراوەی ڕێبەرایەتیی جۆن ماکسوێڵە.

### خاڵە سەرەکییەکانی کتێب

- تیۆرییەکانی بەڕێوەبردن هەمیشە ناڕوون بوون، بۆیە ئێستا زیاتر جەخت لەسەر تاکتیکەکانی ڕێبەرایەتی دەکرێتەوە.
- ئەمڕۆ هەموو شتێک خێراتر لە ڕابردوو دەجووڵێت و گۆڕانکاری ڕەوتی دنیای نوێیە.
- ڕێبەری داهێنەر دەبێت ڕێگاکە بە هەمووان نیشان بدات.
- ڕێبەر دەبێت نەرم بێت و خێرا لەگەڵ گۆڕانکاریدا خۆی بگونجێنێت.
- ڕێبەر دەبێت بە زیرەکییەوە ڕووبەڕووی نادڵنیاییەکان ببێتەوە.
- گۆڕانی ڕێبەر، گرنگترین بنەمایە لە بەڕێوەبردنی گۆڕانکاریدا؛ گۆڕانکارییەکی ئامانجدار و دینامیکییە کە کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر ڕێکخراو و کارمەندان هەیە.
- ئەو کەسانەی کە شێوازی ڕێبەرایەتیی خۆیان دەگۆڕن، مێشکیان کراوەیە، عاشقی گۆڕان، داهێنان، بیرۆکە و بژاردەی نوێن و داهێنەرن.
- ١١ شێوازی گۆڕانی ڕێبەرایەتی بریتییە لە گەیشتن لە "دەسەڵاتی پۆستەوە بۆ دەسەڵاتی ئەخلاقی" و "پلیکانە دروستکردن لەجیاتی سەرکەوتن بە پلیکانەدا."
- حەوت ڕاهێنانی ڕێبەرایەتی، لەوانە فێربوونی بەردەوام، ڕووبەڕووبوونەوەی ئازایانە لەگەڵ نادڵنیاییەکان و ئایندەبینی، بەردەوام ئەنجام بدە.
- ڕێبەران دەبێت هەمیشە بەدوای دەرفەتدا بن تاکوو شتێکی نوێ فێر ببن، شتێکی جیاواز تاقی بکەنەوە، شتێکی باشتر بدۆزنەوە و وێنە گەورەکە ببینن.

### لەم پوختەیەدا چی فێر دەبیت؟
گۆڕانکاری بۆ ڕێبەران لەگەڵ بارودۆخی پشێو و ئاڵنگارییە سەرلێشێوێنەرەکاندا هاوڕێیە. دۆزینەوەی باشترین ڕێگا لە کاتی گۆڕانکارییەکاندا، تەنانەت دەتوانێت ئارامترین بەڕێوەبەرانیش تووشی کێشە بکات. کاتێک ڕووبەڕووی گۆڕانکارییە خێراکان دەبیتەوە، سوود لە ئامۆژگارییەکانی شارەزای ڕێبەرایەتی جۆن سی. ماکسوێڵ وەربگرە. ئەو نیشانی دەدات کە چۆن بە دروستکردنی گۆڕان لە شێوازەکانی ڕێبەرایەتیدا ڕووبەڕووی گۆڕانکاری ببیتەوە و وەڵامی پێداویستییەکانی داهاتوو بدەیتەوە. ئامۆژگارییەکانی ماکسوێڵ یارمەتیت دەدەن کۆمپانیا و کارمەندەکانت سەرەڕای هەموو گۆڕانکارییەکان، بە ئارامی و تواناییەوە ڕێنمایی بکەیت. ئامۆژگارییە هاندەرەکانی ئەو یارمەتیی ڕێبەرە بە ئەزموونەکان دەدات، بەڕێوەبەرە سەرلێشێواوە تازەکارەکان هەنگاوێک دەباتە پێشەوە و یارمەتیی ڕێبەرانی داهاتوو دەدات ئازایانە ڕووبەڕووی گۆڕانکارییەکان ببنەوە.

**ڕێبەر بە، نەک بەڕێوەبەر**
لە دەیەی ١٩٧٠دا، نە بەڕێوەبردن و نە ڕێبەرایەتی داواکارییەکی زۆریان لە بواری کاردا نەبوو و پیتەر دراکەر، شارەزای بەڕێوەبردن، حوکمی دنیای کاری دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا، لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٩٠دا، کتێبی زیاتر و زیاتر لە بواری ڕێبەرایەتیدا لەسەر ڕەفەی کتێبفرۆشییەکان دەرکەوتن. خوێنەران تێگەیشتن کە خێرایی گۆڕان زیاد بووە و ئەم گۆڕانکارییانە زۆر ئاڵۆز بوون. گۆڕانکاری هێشتا ڕەوتی زاڵی دنیای نوێیە و بووەتە هۆی سەختیی زیاتر لە پلاندانان و بەڕێوەبردندا. ڕێکخراوەکان بۆ بەردەوامبوون لە ڕێگادا پێویستیان بە ڕێبەری داهێنەر هەیە.

تیۆرییەکانی بەڕێوەبردن لە سەردەمی جێگیر و پێشبینیکراودا بەکەڵکی ڕێکخراوەکان دەهاتن؛ بەڵام لە دنیای نادڵنیا و گۆڕاوی ئەمڕۆدا، ڕێبەرایەتی زیاتر لە بەڕێوەبردن گرنگیی هەیە. ئیریک جەی. مەکنالتی، بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوەی پەیمانگای نیشتمانیی پەروەردەی ڕێبەران، ڕوونی دەکاتەوە کە سیستەمەکانی بەڕێوەبردنی هێڵی لەسەر بنەمای ئەم گریمانەیە کار دەکەن کە تێچووی هاوشێوە، بەرهەمی هاوشێوەی هەیە؛ بەڵام ئەو بابەتانەی کە پێشتر هێڵی و ڕوون بوون، ئێستا بوونەتە بابەتی ئاڵۆز و ڕێککەوتنی. لەم ژینگە گۆڕاوەدا، ڕێبەری نەرم و بەرپرسیار زۆر کاریگەرترە لە تیۆری و شێوازە ڕەقەکانی بەڕێوەبردن.

**گونجان**
سێ تایبەتمەندیی خوازراو بۆ ڕێبەرانی داهاتوو بریتین لە: "هاندانی کارمەندان، کارکردن لەگەڵ کولتوورە جیاوازەکان و ئاسانکردنی گۆڕانکاری". ئەم تایبەتمەندییانە بەستراونەتەوە بە تایبەتمەندییەکی گرنگترەوە واتە "گونجان" کە بە مانای گۆڕین یان گۆڕانە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخی نوێدا؛ بۆ نموونە کاتێک ئاو شێوەی دەفرەکە وەردەگرێت، جۆرێک لە گونجان نیشان دەدات.
ڕێبەرانی گونجاو دەست بە شێوازە کۆنەکانەوە ناگرن. ئەوان ئازا و متمانەبەخۆن. هەنگاو دەنێنە ناو ڕێڕەوی نوێ و ڕێبازی نوێ تاقی دەکەنەوە. ڕێبەرانی زیرەک و چالاک بە سەرکەوتوویی لە نادڵنیاییەکان دەرباز دەبن. لێکۆڵینەوە نوێیەکانی دامەزراوەی ڕایت مانەجمێنت نیشانی دەدات کە کەسانی گونجاو و نەرم کە توانای بەڕێوەبردنی گۆڕانکاری و نادڵنیاییان هەیە، ٩١ لەسەدی دامەزراندنەکانی داهاتوو پێکدەهێنن.

**دەبێت خێرا بیت**
پڵنگەکان زۆر خێران و خێراییان دەگاتە ٩٤ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا؛ دەتوانن خێراترین ئاسکەکان ڕاو بکەن؛ بەڵام خێرایی پڵنگ ئەوی نەکردووەتە دڕندەیەکی وا کوشندە؛ بەڵکو چالاکییە نموونەییەکەی یارمەتیی ڕاوی سەرکەوتوو و کوشتنی نێچیرە خێراکانی دەدات. پڵنگ دەتوانێت تەنها بە یەک هەنگاو خێراییەکەی تا ١٥ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا بەرز بکاتەوە و بازدانی بەهێز و زۆر خێرای هەبێت. هەر ئەمەش وا دەکات بە ئاسانی بەرەو چەپ و ڕاست باز بدات، ڕێڕەوی خۆی بگۆڕێت و هێشتاش لەسەر ئامانجەکەی تەرکیزی بمێنێت.

ڕێبەرانی نوێش دەبێت هەر ئەوەندە چالاک بن و بتوانن بە خێرایی بگۆڕێن تاکوو یەکسەر لەگەڵ بارودۆخە نوێیەکاندا بگونجێن. ڕێبەرانی چالاک دەبێت ئەوەندە خێرا بگۆڕێن تاکوو کارکردنێکی سەرکەوتوویان لە ژینگەی پشێو و نائارامی کاردا هەبێت. ڕێبەرانی گونجاو لە گۆڕانکاری ناترسن. لەناو ڕەوتەکەدا دەمێننەوە، ستراتیژییە نوێیەکان بەکاردەهێنن و ڕێبازە نوێیەکان تاقی دەکەنەوە. ئەگەر تاکتیکێک وەڵامی نەبوو، یەکسەر دەچنە سەر تاکتیکێکی تر.

**گۆڕانی ڕێبەر**
ئەو کەسانەی کە دەتوانن لە شێوازەکانی ڕێبەرایەتیی خۆیاندا گۆڕانکاری دروست بکەن، مێشکیان کراوەیە. ئەوان پێشوازی لە گۆڕان، داهێنان، بیرۆکەی نوێ و داهێنان دەکەن. بەهای بژاردە جیاوازەکان دەزانن. پرسیارکردنیان لە وەڵامدانەوە پێ باشترە و لە جیهانەوە فێر دەبن.
لە سیستەمە کۆنەکانی بەڕێوەبردندا، ڕێبەران بەرنامەیەکی درێژخایەنی ١٠ ساڵە، بەرنامەیەکی ناوەندخایەنی ٥ ساڵە و بەرنامەیەکی کورتخایەنی ٢ ساڵەیان دادەڕشت. لە دنیای ئەمڕۆدا بەرنامەی درێژخایەن ناتوانێت زیاتر لە ٢ ساڵ بگرێتەوە. گۆڕانکارییە خێراکانی سەردەمی نوێ بووەتە هۆی دەرکەوتنی شێوازێکی نوێی ڕێبەرایەتی و نەوەیەکی نوێی ڕێبەران کە حەوت گۆڕانی بنەڕەتییان لە شێوازەکانی ڕێبەرایەتییاندا دروست کردووە:

**١ .بەردەوام لە حاڵی فێربوونی بابەتی نوێ، فڕێدانی بابەتی کۆن و دووبارە فێربوونەوەدان.**
زانست بە خێرایی لە گۆڕاندایە و دەبێت بەردەوام نوێ بیت. بەپێی گۆڤاری هارڤارد بزنس ڕیڤیو: "ئەو وانانەی لە زانکۆ فێریان دەبین، پێش پێدانی تەواوی قیستەکانی قەرزی خوێندن، بەسەردەچن." ڕێبەران دەبێت ئەو بابەتانەی دوێنێ فێری بوون، بەو بابەتانەی سبەی فێری دەبن، جێگۆڕکێ بکەن.

**٢ .بەهای بۆ دوێنێیان هەیە؛ بەڵام لە ئەمڕۆدا دەژین** .بەیب ڕووس، ئەستێرەی بەیسبۆڵ، دەڵێت: "گۆڵی دوێنێ نابێتە هۆی بردنەوەی یاریی ئەمڕۆ." تەرکیزت لەسەر ئاڵنگارییەکانی ئێستا بێت، نەک شانازییەکانی ڕابردوو.

**٣ .خێران؛ بەڵام کاتدانانی دروستیشیان هەیە** .لەسەر بنەمای پەندێکی کۆن، تەنها یەک ڕۆژی گونجاو بۆ خواردنی هەرمێ هەیە، ئەگەر ڕۆژێک زووتر یان درەنگتر بیخۆیت، تامی نایابەکەی هەست پێناکەیت. هەرمێکەت لە ڕۆژی گونجاودا بخۆ تاکوو هەست بە تامە خۆشەکەی بکەیت. کاتدانان بنچینەی بابەتەکەیە.

**٤ .وێنە گەورەکە دەبینن و ئەم وێنەیە هەمیشە گەورەتر دەبێتەوە** .هەرچەندە لەبارەی بابەتێکەوە زیاتر بزانیت، تێدەگەیت کە هێشتا دەبێت بابەتی نوێی زۆری لەبارەوە فێر بیت. ئەم ڕەوتە بە "فێربوونی چەند-چین" ناو دەبرێت. هەرچەندە زانیاریت لەبارەی بابەتێکەوە زیاد بێت، تێگەیشتنێکی گشتگیرترت لە بابەتەکە و وێنە گەورەکە دەست دەکەوێت.

**٥ .لە ئەمڕۆدا دەژین؛ بەڵام بیریش لە سبەی دەکەنەوە** .تۆ تەنها ئەمڕۆ ڕێبەر نیت، سبەی، دووسبەی، ڕۆژانی داهاتوو، هەفتەکانی داهاتوو، مانگەکانی داهاتوو، ساڵانی داهاتوو و تەنانەت دەیان ساڵی داهاتووش ڕێبەر دەبیت. بەم ئاگاییەوە پلان دابنێ.

**٦ .لەنێو نادڵنیاییدا بە ئازایەتییەوە پێش دەکەون** .ڕێبەران بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ نادڵنیاییەکاندا مووچە وەردەگرن. دەبێت عاشقی ئەم کارە بن؛ چونکە هێز و دەسەڵاتیان لەگەڵدایە. بێتی بەندەر، سەرۆکی پێشووی یەکێتیی ئیدارە و بەڕێوەبردنی کتێبخانەکان، باوەڕی وایە: "هەر کارێکم کرد و لە کۆتاییدا بەنرخ دەرچوو، لە سەرەتادا تا سنووری مردن منی ترساندبوو".

**٧ .دەزانن بارودۆخی نایابی ئەمڕۆ وەڵامدەری ئاڵنگارییەکانی سبەی نییە** .بۆ ڕێبەرایەتیی سەرکەوتوو دەبێت بەردەوام لێهاتووییەکانت بەرز بکەیتەوە. بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانکارییە خێراکانی دنیای ئەمڕۆ، ئەوەی لە ڕابردوودا وەڵامی داوەتەوە، ڕەنگە لە داهاتوودا سەرکەوتوو نەبێت. بۆ باشتربوون پلان دابنێ.

**سەرنجێک بە ناوەوەی خۆتدا بدە**
بۆ بەرزکردنەوەی دیدگاکانت و بوون بە ڕێبەرێکی باشتر، بگەڕێرەوە بۆ ناوەوەی خۆت:

- **شتێکی نوێ فێر ببە** .لە خۆت بپرسە: "دوا جار کەی بوو شتێکم بۆ یەکەم جار فێر بوو؟"
- **شتێکی جیاواز تاقی بکەرەوە** .لە خۆت بپرسە: "دوا جار کەی بوو کارێکم بۆ یەکەم جار ئەنجام دا؟"
- **شتێکی باشتر بدۆزەرەوە** .لە خۆت بپرسە: "دوا جار کەی بوو بۆ یەکەم جار شتێکی باشترم دۆزییەوە؟"
- **شتێکی گەورەتر ببینە** .لە خۆت بپرسە: "دوا جار کەی بوو بۆ یەکەم جار وێنەیەکی گەورەترم بینی؟"
-

**١١ گۆڕانکاری لە شێوازی ڕێبەرایەتیدا**
بۆ بوون بە ڕێبەرێکی کاریگەر، دەبێت بە ئاگاییەوە گۆڕانکاری لە شێوازی ڕێبەرایەتیدا دروست بکەیت. هەر پێشکەوتنێک کە وەک ڕێبەر بەدەستی دەهێنیت، ئەنجامی گۆڕانە لە بیرکردنەوە، کردار و شێوازی ڕێبەرایەتیدا. ئەم یازدە گۆڕانکارییە بنەڕەتییە لە شێوازەکانی ڕێبەرایەتیدا دروست بکە:

**١. لە سەرکەوتنی تاکەکەسییەوە بۆ ڕێبەرایەتیکردنی کۆمەڵ: گۆڕانکاری لە شێوازی تەرکیزکردندا**
زیگ زیگلەر، وتاربێژی هاندەر، دەڵێت: "دەتوانیت بگەیت بە هەرچییەک لە ژیاندا دەتەوێت، بەو مەرجەی یارمەتیی کەسانی تریش بدەیت بگەن بەوەی دەیانەوێت." ئەو ئاماژە بە ڕاستییەکی گرنگ دەکات: "سەرکەوتنە بەرچاوەکان لە ڕێکخراوێکدا بەستراوەتەوە بە کارکردنی کەسانی زۆرەوە، نەک تەنها کارەکانی ڕێبەر." تۆ وەک ڕێبەر دەبێت لە تاکڕەوێکی سەرکەوتووەوە ببیتە کەسێک کە کارەکانی کەسانی تر پلان بۆ دادەڕێژێت و ڕێنماییان دەکات. دەبێت دڵنیا بیت هەموو ئەندامانی تیمەکەت بەپەڕی توانا و بەرهەمدارییەوە کار دەکەن. هەرچی لە دەستت دێت بیکە تاکوو ئەوانیش لە کارەکەیاندا گەشە بکەن.

**٢ .لە ئامانج دانانەوە بۆ گەشەکردن برۆ: گۆڕان لە باشترکردنی خوددا**
هەبوونی ئامانج خۆی لە خۆیدا نایاب و بەنرخە؛ بەڵام هەوڵدان بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە و گەشەکردنی کەسی لەم ڕێرەوەدا بەنرخترە. گەشەکردنی کەسی بە مانای باشتربوونە. باشتربوون لە باشتر کارکردن گرنگترە. بەدوای گەشەی خۆت، کۆمپانیاکەت و کەسانی ژێر ڕێبەرایەتیتدا بە.

**٣ .لە دابینکردنی خەرجییەوە بۆ بەهادروستکردن برۆ: گۆڕان لە خەرجییەکاندا**
خەڵکێکی زۆر حەز دەکەن ببنە ڕێبەر؛ بەڵام زۆربەی کات هۆکارەکانیان هەڵەیە. بەدوای هێز و دەسەڵاتەوەن. نووسینگەی تایبەت و پارەی زیاتریان دەوێت. حەز دەکەن ببنە ڕێبەر تاکوو بتوانن خەرجییەکانیان دابین بکەن، نەک ئەوەی کەسانی تر بە ڕووناکییەوە ڕێنمایی بکەن. ڕێبەران لەجیاتی گرنگیدان بە دابینکردنی خەرجییە ئەگەرییەکان، دەبێت تەرکیزیان لەسەر یارمەتیدانی ئەوانی تر بێت. ڕێبەرانی ڕاستەقینە بە یارمەتیدانی ئەوانی تر هانیان دەدەن.

**٤ .لە دڵخۆشکردنی خەڵکەوە، ئەوان بخەرە بەر ئاڵنگارییەوە: گۆڕان لە پەیوەندییەکاندا**
ئایا نیگەرانی ئەوەیت کە ژێردەستەکانت خۆشیان دەوێیت یان نا؟ ئەگەر کەسێک خۆشی نەوێیت، هەوڵ دەدەیت خۆت بگۆڕیت تاکوو پەسەندی بکات؟ ئەمە ڕێگای دروستی ڕێبەرایەتی نییە. تۆ وەک ڕێبەر دەبێت سەرقاڵی ڕێبەرایەتی بیت، نەک سەرقاڵی دۆستایەتی. ناتوانیت هەمووان دڵخۆش بکەیت، کەواتە بێهوودە هەوڵ مەدە. ژێردەستەکانت بخەرە بەر ئاڵنگارییەوە تاکوو ببنە باشترین وەشانی خۆیان.

**٥ .لە پاراستنی دۆخی ئێستاوە بۆ داهێنان برۆ: گۆڕان لە شێوازەکاندا**
نەریت قایلکەرە و هێزێکی سەرسوڕهێنەری هەیە. ڕێبەران بە سروشتی مەیلیان بۆ پاراستنی نەریتەکان و پابەندبوون بە ڕابردووەوە هەیە؛ بەڵام لە سەردەمی ئێستادا هەمووان بەدوای داهێنانەوەن، نەک پاراستنی دۆخی ئێستا. ڕێبەرانی نوێ دەبێت لە خۆیان بپرسن: "بۆچی ئەم کارە بە شێوازێکی تر... بە شێوازێکی باشتر ئەنجام نەدەم؟" ئەم بیرکردنەوەیە بەدوای داهێنانەوەیە، نەک پاراستنی دۆخی ئێستا. ئەمە هەمان ئەو ڕەفتارەیە کە ڕێبەرانی ڕۆشنبیر پێویستیانە. دەبێت لە ناوچەی ئارامیی خۆیان و ئەو بیرکردنەوەیەی کە "هەمان ئەو کارە دەکەم کە هەمیشە کردوومە" بێنە دەرەوە و بچنە ناوچەی داهێنەرانەی "هەوڵ دەدەم بیر لە شتێک بکەمەوە کە پێشتر هەرگیز بیرم لێ نەکردۆتەوە."

**٦ .لەجیاتی سەرکەوتن بە پلیکانەدا، پلیکانە دروست بکە: گۆڕان لە دروستکردنی کەسی هاوشێوەدا**
هەموو ئەو کەسانەی کە بە پلیکانی کۆمپانیاکەدا سەر دەکەون، دەیانەوێت بزانن "چەندە دەتوانم سەربکەوم؟" ڕێبەرانی هۆشمەند دەزانن کە بەهای ژیان زۆر زیاترە لە گەیشتنە سەرەوەی پلیکانەکە، بۆیە هەوڵ دەدەن کەسانی تر بگەیەننە سەرەوەی پلیکانەکە. ڕێبەرانی سەرکەوتوو دەبێت ببنە ڕێبەری پلیکانە-دروستکەر. دەبێت لەجیاتی داگیرکردنی پلیکانەکە، یارمەتیی کەسانی تر بدەن کە لێی سەربکەون. هەروەها دەبێت هەوڵ بدەن درێژیی پلیکانەکە زیاد بکەن تاکوو کەسانی تریش ببنە پلیکانە-دروستکەر و یارمەتیی نەوەکانی دوای خۆشیان بدەن لە دروستکردنی پلیکانەکانیاندا.

**٧ .لە بەڕێوەبردنەوە بۆ پەیوەندیسازی برۆ: گۆڕان لە پەیوەندییەکاندا**
بەدرێژایی مێژوو، ڕێبەرایەتی هەمیشە لە سەرەوە بۆ خوارەوە و بە شێوەی فەرماندان و کۆنترۆڵکردن بووە؛ ئەوەی کە من سەرۆکم و تۆ نیت. لە ڕابردوودا، ڕێبەرایەتی شێوازێکی دەسەڵاتخوازانە و خۆبەزلزانانە بوو بۆ ڕێنماییکردنی ئەوانی تر؛ بەڵام ئەمڕۆ، ڕێبەرایەتی تەرکیزی لەسەر دروستکردنی پەیوەندییە لەگەڵ ئەوانی تردا، نەک ڕێنماییکردنیان. شێوازی نوێی ڕێبەرایەتی بەشداریکەر و تواناسازە. ڕێبەرانی پەیوەندیساز گوێ لە قسەی شوێنکەوتووانیان دەگرن. ئەگەر لەجیاتی وەڵامدانەوەی خەڵک پرسیاریان لێ بکەیت، دەبیتە ڕێبەرێکی کاریگەرتر و بەرهەمدارتر.

**٨ .لە تیمی یەکدەستەوە بۆ تیمی هەمەچەشن برۆ: گۆڕان لە پێشکەوتندا**
گۆڤاری هارڤارد بزنس ڕیڤیو تیم بە "کەسانێک بە لێهاتوویی تەواوکەری یەکتر" پێناسە دەکات کە پابەندن بە ئامانجێکی هاوبەشەوە. ئەم هەمەچەشنییە لایەنی هاوشێوەی تیمە جیهانییەکانە. ڕێبەرە گەورەکان بەهای ئەم تایبەتمەندییە بە باشی دەزانن.
لە سەردەمی شەڕی ناوخۆی ئەمریکادا، سەرۆک کۆمار ئەبراهام لینکۆڵن کابینەیەکی هەمەچەشنی لە دوژمنە سەرسەختەکانی پێک هێنا تاکوو باشترین بۆچوونەکان ببیستێت. وینستۆن چەرچڵ، سەرۆک وەزیرانی بریتانیاش، لە ماوەی جەنگی جیهانیی دووەمدا گرنگیی بە ڕاوێژە ژیرانەکانی نەیارە سیاسییەکانی وەک کلێمێنت ئاتلی دەدا. تیمەکەت بۆ پێشکەشکردنی بیروبۆچوونی هۆشمەندانە و پێشنیاری دژ تربیت بکە.

**۹ .لە دەسەڵاتی کارەوە بۆ دەسەڵاتی ئەخلاقی برۆ: گۆڕان لە دەسەڵاتدا**
تەنها لەبەر ئەوەی ڕێکخراوەکە تۆی وەک ڕێبەر هەڵبژاردووە، بەو مانایە نییە کە دەسەڵاتی ڕێبەرایەتیت هەیە، بەڵکو تەنها لەبەر پۆستەکەت بەرپرسیاریت. ئەم جۆرە بەرپرسیارێتییە ستەمکارانە و بێکاریگەرترین شێوەی ڕێبەرایەتییە. پۆستەکەی تۆ وەک ڕێبەر خۆی بە خۆی کاریگەریی دروست ناکات. لەجیاتی بەدەستهێنانی دەسەڵات لە ڕێگەی پۆستەوە، هەوڵ بدە دەسەڵاتی ئەخلاقی بەدەست بهێنیت. لە دەسەڵاتی ئەخلاقیدا، ناساندنی ڕێبەر بەستراوەتەوە بە کەسایەتییەوە، نەک بە پۆستەکەی.

**۱۰ .لە ڕێبەری فێرکراوەوە بۆ ڕێبەری گۆڕانکار برۆ: گۆڕان لە کاریگەریدا**
بوون بە ڕێبەری گۆڕانکار لەجیاتی ڕێبەری فێرکراو، گەورەترین گۆڕانکاریی ژیانتە. ڕێبەرانی گۆڕانکار هانی ژێردەستەکانیان دەدەن تاکوو خەونبینەری گەورە بن، فێر ببن، زانیاریی نوێ بدۆزنەوە و ببنە باشترینی خۆیان. ڕێبەرانی گۆڕانکار هانی ژێردەستەکانیان دەدەن تاکوو کاریگەرییەکی ئەرێنییان لە ژیانی ئەوانی تردا هەبێت. ڕێبەرانی گۆڕانکار خەونبینن، هەوڵ دەدەن داهاتوویەکی باشتر بۆ خەڵکەکەیان فەراهەم بکەن، بە قسەی بەهێز و دیار هانی ئەوانی تر دەدەن و دڵنیان کە دەتوانن دنیا بگۆڕن بۆ شوێنێکی باشتر. پڕ حەز و ئارەزوون، باوەڕیان بە شتێکی گەورەتر لە خۆیان هەیە و بە وتەی جەیمس کالینز و جێری پۆراس، ئامانجی گەورە، قورس و بوێرانەیان هەیە.

**۱۱ .لە پیشەوە بۆ عەشق برۆ: گۆڕانی هەست**
لێکۆڵینەوەکان نیشانی دەدەن خەڵک لە هەر پیشە و ئاستێکدا لە یەکێک لەم سێ گرووپەدا جێ دەگرن: ۱. ئەوانەی کە تەنها کارێک ئەنجام دەدەن. ۲. ئەوانەی کە پیشەیەکیان هەیە و ۳. ئەوانەی کە عاشقی کارەکەیانن. بێگومان حەز دەکەیت لە گرووپی سێیەمدا بیت؛ بەڵام بۆ دۆزینەوەی کاری دڵخوازت دەبێت دیدگایەکی درێژخایەنت هەبێت. دەبێت لەگەڵ دەوروبەرەکەتدا لەسەر ڕێڕەوێکی ئەرێنی بجووڵێیت؛ چونکە ئەم کەسانە میراتێکن کە لە خۆتیان بەجێ دەهێڵیت. ڕێبەرە گەورەکان دەزانن کە ڕێژەی کاریگەرییان بەستراوەتەوە بە پەروەردەکردنی شوێنکەوتووانەوە.

CHAWSIX